# با گۆڕنکارییەکان، بەرەو بەعەلمانی کردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بێت..!!

## بەشی یەکەم

شێرزاد فاتح / سوید   sherzad_f@yahoo.com 0046 73 57 15 449

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە پێداویستی نوسینی بابەتێکی لەم جۆرە ولەم کاتەدا، لەوێوەیە کە، ڕاستە ساڵهایە



منالان و لاوەکان دەبنە قوربانی پرۆسەیەکی پەروەردەی نادروست و پڕ لە کەم و کوڕی، کەسیش ناتوانێت نکولی لەوەبکات کە ئەم پرۆسەیە بە قیمەتی گیان لە دەستدانی چەندین کەس لە منالان و لاوانمان تەواو بووە، وە چەندین دڵی پڕ لە هیوای نا ئومێد کردووە، دیسانەوە ئەوەش ڕاستییەکی تاڵە کە ئەم پرۆسەیە هەم مامۆستایان و هەم لاوان و منالانمان، وە لە گشتدا تەواوی کۆمەڵگای تووشی ئیفلیجی و سەقەتی کردووە. سەرباری ئەوەی کە ئەوانەی لەم تراژیدیایە بەرپرسن بۆ هیچکات وون نابن و ناتوانن شانی خۆیان لەم تاوانە خاڵی بکەنەوە، بەلام بەهەرحاڵ ئەم نوسینەی من لەم کاتەدا دەرئەنجامی ئەوەیە کە خۆش بەختانە خەریکە مامۆستایان و ڕۆشنبیران و شارەزایانی بواری پەروەردەو فێرکردن چ لە کوردستان و چ لەدەرەوە، هەوڵەکانی خۆیان وەگەڕ دەخەن لە پێناوی گۆڕانکاری لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا. بەلام بەو پێیەی کە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ڕەنگدانەوەی بیر و سیاسەتی دەسەلاتدارە، ئەوە جێگای پرسیارە بۆ من کە سنوری دەستکاری و گۆڕانکارییەکان لەپرۆسەی پەروەردەدا بە کوێ دەگات؟ ئایا سەبەبینێ و لەو پرۆسە نوێیەدا چەندە باری سایکۆلۆژی، پەروەردەیی، پراکتیکی و گروپکاری، ئازادی تاک و بنەما سەرەتاییەکانی مافەکانی منالان و بەگشتی مافەکانی مرۆڤ لەبەرچاو دەگیرێن؟ ئایا ئەم گۆڕانکاریە بەرەو عەلمانی کردنی ئەم پرۆسەیەیە؟ ئەمانەو چەندین پرۆسیاری تر، جێگەی گرنگیپێدانی قوڵی منە لەم پرۆسەیەداو لەم گۆڕانکاریانەدا کە بەڕێوەیە.

دیارە هەر کەسەو بۆخۆی بیرۆکەیەکی هەیەو دەیەوێت لایەنێکی لاوازی ئەم پرۆسەیە نیشان بدات و جێگەیەك بۆ ئەو بیرۆکەو ئەلتەرناتیڤەی خۆی بەرەو باشتر کردنی ئەم پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە بکاتەوە، منیش چ وەك نوسەرێك و چ وەك مامۆستایەك کە بۆ چەندین ساڵ لەبواری پەروەردەو فێرکردندا کارم کردووە، وە لە هەمان کاتدا لەم بارەوە جگە لە نامیلکەیەك ، چەندین چاوپێکەوتنم ئەنجام داوەو بابەت و ووتارم نوسیوە، هەروەها چەندین پێشنیارم خستۆتەڕوو لە پێناوی گەشەپێدان و بەرەوە پیش بردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا، وە هەتا ئێستاش گرنگیەکی زۆر بە پەروەردەو فێرکردنی منالان دەدەم و وەك پرۆژەیەك لە ماوەیەکی نزیکی داهاتوودا بە شێوەی پراکتیك لە عێراقدا کاری لەسەر دەکەم. ئەگەر فرسەتی بەشداری فیزیکیشم پێنەبرێت لەو کۆنفرانسەدا، ئەوا هەوڵ دەدەم بەچەند بەش لەم بارەوە باسێك بخەمەڕوو، لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا، کە بریتیە لە شی کردنەوەو نیشاندانی لایەنە پڕ کەم و کورەکانی ئەم پرۆسەیە لە چەند بواری جیاجیاوە، وە لە هەمان کاتدا بەدیل و ڕێگا چارەی گونجاو و دروست بۆ چارەسەری ئەو کێشانە بەیان بکەم.

لە ئێستادا هەموو لایەك هەوڵی خۆی دەدات هەموو شاهیدی ئەوەین کە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا، چەندە پرۆسەیەکی بێ بایەخ وپڕ کەم و کورتییە. تەنانەت هیچ پێویستت بەوە نییە کە تۆ مامۆستا یان خوێندکار بیت و چەند ساڵێك تەمەنی خۆتت لەم نێوەدا بەخەرج دابێت تا شارەزای ئەم پرۆسەیە بیت. ئەگەر ڕۆژانە تەنها چاوت بەچەند منالێکی خوێندکار بکەوێت، ئەگەر سەردانی قوتابخانەیەك بکەیت ، یان ئەوەتا چاوێك بەبلاوکراوەکان و هەواڵەکاندا بگێڕیت ئیتر ئەوەت بۆ ڕوون دەبێتەوە کە باری پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستان لە چ ئاستێك دایە.

هەرجار ناجارێك ئەبیستین خوێندكارێك گڕی لە جەستەی خۆی بەرداو خۆی سوتاند، یەكێكی تر خۆی كوشت، فلانە خوێندكار ئەمرۆ لە لایەن مامۆستاكەیەوە لێدانی خوارد، فلان خوێندكار ئیتر نایەتەوە نێو پۆلەكانی خوێندن وازی لە قوتابخانە هێنا....هتد ، ئێمە ڕۆژانە گوێ بیستی هەواڵی ناخۆش و دڵتەزێنی لەم جۆرە دەبین ودڵمان بەم هەواڵانە ڕائەچڵەكێت.

لێرەوەیە مرۆڤ توشی تێرامانێكی سەرسوڕهێنەر دەبێت، بۆچی ئەم منداڵ و لاوانە گڕ لە جەستەی ناسكی خۆیان بەر ئەدەن؟ دەبێت چی بێت ئەو هۆكارەی كە مرۆڤ بەو ڕادەی بێزار بوون لە خۆیە بگەیەنێت كە ڕێگە بەخۆی بات ژیان لە خۆی بسەنێتەوە؟ كێ بێ پێی خۆش بێت نەچێتە قوتابخانەو فێری خوێنەواری و زانست و زانیاری نەبێت؟ ئایا ئەو منالانەی تر كە هێشتا بەتەمەن بچوكن و نەچونەتە قوتابخانە، چۆن بیر لە قوتابخانە دەكەنەوە كاتێك كە گوێ بیستی ئەم هەوالانە دەبن؟ یان ئەو منالانەی كە بەهەر هۆیەكەوە بێت پۆلەكانی خوێندنیان بەجێهێلا،چ شتێك ببێتە هاندەر بۆیان بۆ ئەوەی كە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەلیان بۆ برەخستێت و بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانەو لە نەزانی دوور بكەونەوە؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تر بە بیری مرۆڤدا دێن كاتێك كە بیر لە پرۆسەی پەروەردەو فێركرن و هۆیەكانی گیان لەدەست دانی منالان و لاوان دەكەیتەوە، یان كاتێك بیر لە هۆی وازهێنانی منالان لە قوتابخانەو بەجێهێلانی پۆلەكانی خوێندن دەكەیتەوە.

لە هەموو وولاتانی دنیادا قوتابخانەو فێربوون، بەگشتی پرۆسەی پەروەردەو فێركردن، بەردی بناغەی بونیاتنانی كۆمەلگاو هۆكاری سەرەكی بەوەو پێشچونێتی، قوڵ بوونەوە لە بوارە كۆمەلایەتی و زانستیەكان بەگشتی و گرنگی دان پێی یەكێك لە هۆكارەسەرەكییەكانی ڕزگار كردنی مێشكی مرۆڤە لە خوافەو لە بیری دواكەوتووی و نەزانی. بەلام خودی هەر ئەم پرۆسەی پەروەردەو فێركردنەش بۆخۆی دەزگایەكە لە دەزگاكانی دەولەت، حیزب و تایەفە و هەمیشە دەسەلات بۆ بەرژەوەندی سیاسەتەكانی خۆی قۆرغی دەكات و دەیكاتە بوارێكی گرنگ لە بوارەكانی بەرهەم هێنان و فێركردنی مرۆڤەكان لەسەر بنەمای بیری سیاسی دەسەلاتدارو لە خزمەتی بیر و بەرژەوەندی دەولەت جا چ بیری مەزهەبی بێت یان بیری نەتەوەچێتی و میللی گەرای و نەژاد پەرستی...هتد.

كاتێك باس لەم بنەماو شێوازە جیاجیانەی پەروەردەكردن دەكەین لە پرۆسەی پەروەردەو فێركردندا لە كوردستان، پێویستمان بەوەهەیە كە كەمێك بۆ دواوە بگەڕێنەوەو ئاورێك لە مێژووی پەروەردەو فێكردن بدەینەوە لە كوردستاندا، كە ئاشكرایە لە بنەڕەتدا ڕیشەكەی جودا نییە لە ڕیشەی پرۆسەی پەروەردەو فێركردن لە عێراقدا. بۆ ئەم مەبەستەو بۆ ناساندنی پرۆسەی پەورەدەو فێركردن لە كوردستاندا، دەبێت بێن و چاوێك لە ئەلف و بێ بكەین لە هەنگاوە سەرەتاییەكانی خوێندن چ لە عێراق و چ لە كوردستان. ئەو (ئەلف و بێ) یانەی كە دانراون بۆ فێركردنی منالان سەرەتاكەی بۆ ئەلف و بێ كەی (ساطع الحصري) ئەگەڕێتەوە لە عێراقدا، كە ساطع و بەرنامەكەی چاندنی تۆوی شۆڤێنستی عەرەبی و قەومی بووە، وە بەشێك بووە لە شۆڤێنزمی حیزبی بەعس ، شانبەشانی سیاسەتە هەمەلایەنەكانی تری دەسەلاتدارێتی بەعس ، (الخلدونیة) كەی ساطع دریژەپێدرو گەشە پێدەری هەمان ئەو بیرەیە، وە یەكێك بووە لەو شۆڤێنستە عەرەبانەی كە بۆ گۆشگردنی منالانی عێراق بە بیری ڕەگەز پەرەستی و نەتەوە پەرستی قەومی عەرەبی هەولی زۆر جدی داوەو بە بەرنامە داڕێژی هاتووە ئەم كتابی (الخلدونیة) ی داناوە. دیارە پاڵنەرو هاوكاری كەری هەبووە بۆ ئەم كارە و بە تایبەتی لە سوریاوە مەلیك فەیصەلی یەكەم هێناویەتی بۆ ئەوەی لە عێراق ئەم كارە بكات. ئەو لە كاتی پاشایەتیدا لە سوریا ئەم ( ساطع)ەی ناسیبوو ، لەبەر كارایی و لێهاتووی مەلیك فەیسەڵ دەیكات بە بەڕێوەبەری گشتی زانستی(مدیر المعارف العامة)

جێگای خۆیەتی كە ئەوەش بلێم كە ( ساطع الحصري) یەكێكە لە دامەزرێنەرانی بیری نەتەوەپەرسیتی و شۆڤێنزمی نەتەوەیی عەرەب بووە لە پاڵ چەند كەسی تری وەك ( زەكی ئەرسوزی ، میشیل عەفلەق ، قوستەنتین زوورەییق و..هتد)، سەرباری ئەوەی كە ساطع لە زۆر سەرچاوەدا باسی دەكرێت كە لە عوسمانییەكان بووە ، واتە تورك بووە ، بەلام خۆی ئەلێت لە ( لحج) لە دایك بووم و خۆی بە عەرەب دادەنێ ، وە ئەمەش لە نوسینەكانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەم نەتەوە چێتی و شۆڤێنیستییەی ساطع لە چەندین شوێندا باسکراوە ، هەروەك چۆن جەواهیری شاعیر و مێژوونوسی ئەمەریکی کلیڤلاند باسی ئەم لایەنەی ساطع دەکەن و ڕاستی ئەو دوژمندارییەی ساطع پشت ڕاست دەکەنەوە. (ولیام کلیڤلاند) ی مێژوونوسی ئەمەریکی لە نوسینێکیدا بەم شێوەیە ناوی ساطع دەبات ( ساطع الحصري من الفكرة العثمانية الى العروبة....)، کلیڤلاند بە دەست ئەم ڕایەی (ساطع) ی نوسیوەتەوە کە دەڵێ ( ان النظام الذي يجب ان تجيه نحوة آمالنا هو الاتجاه البرلماني النازي و الفاشي الايطالي ) . ئەگەر شتێك لەم بۆچونە هەڵبهێنجرێت ئەویش ئەوەیە کە لە پاڵ سیستەمی حوکم ڕانیبیدا ( ساطع) یش هێندەی تر پەرەی بە بیری قەومی عەرەبی و نازی و فاشی داوە، لەناو نەتەوەی عەرەبدا وە خۆشی باسی ئەمە دەکات.

ئەو(ئەلف و بێ) یانەش کە هەن و لە کوردستاندا دەخوێنرێن کە ئەوەندەی من بزانم مێژووەکی بۆ نزیکەی 70 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، سەرەتای دەست بردن بۆ ئەم کارەو دانانی ئەلف و بێ یەك بۆ فێرکردن و خوێندن لە کوردستاندا بۆ سود وەرگرتن لە ئەلف و بێ کەی ساطع واتە بۆ الخلدونية دەگەڕێتەوە، بەڕێز د. عزالدین مستەفا ڕەسوڵ لە وەڵامی نامەیەکی مندا ، ئاوا دەنوسێ (ئێمە لە ساڵی 1939 – 1940 دا کە چوینە قوتابخانە، لە کتابی الخلدونية خوێنمان و هەروەها لەو کتێبەیشدا دەرسم ووتۆتەوە بەڕای ئەوسام زۆر کتێبێکی چاك بووە). هەروەها سەبارەت بە ئەلف و بێی کوردی بەزمانی کوردی و بۆناوچەی کوردستان ، بەڕێز د. عزالدین لەوەڵامی پرسیارێکی مندا دەڵێت دەڵێت:– بۆ ناوچەی کوردستان و بەزمانی کوردی (ئەلف و بێ ) هەبووەو دانەرەکانی ئەم ئەلف و بێیانە( خەلیل خەیاڵی ، محەمەد باشق ، ئەحمەدی عزیز ئاغا و حامد فەرەج بوون)، مامۆستا ئیبراهیم باڵدار کە لە کۆتایی سییەکاندا خانەی مامۆستایانی لادێ( دار المعلمين الريفية)ی تەواو کرد،هەستی بەوە کرد کە ئەڵف و بێکەی حامد فەرەج کەم و کوڕی هەیە، مامۆستا برایم لە جیاتی ئەوەی کە ئەو ئەلف و بێیەکەی ئەو پوختە بکات ، هەستا ئەلف و بێیەکی تری دانا بە ناوی (ئەلف و بێی نوێ )، بێگومان مامۆستا برایم الخلدونییەی پێ تەواو تر بووەو ئەوی لە بەرچاو بووە ، ئەگەر بەراووردی ئەلف و بێ کەی باڵدار و حامد یش بکەین ،دەبینی کەەتارمایی (الخلدونية) یان پێوە دیارە . الخلدونية بە: زیر ... زیری .. دەست پێدەکات، ئەلف و بێکەی حامد فەرەخ بە : ڕاو...ڕوو ... دەست پێدەکات. ئەلف و بێکەی برایم باڵدار بە: دارا..دارا.. دوو داری دی .. دەست پێدەکات. هیچ کام لەو ئەلف و بێیانە بە( أ ، ب ، ت ، چ ...هتد)، دەست پێناکەن و بە پیتی (ر) یان (د) دەست پێدەکەن . وەك د. عزالدین ئەڵێت لە ساڵی 1950 بە دواوە ئەلف و بێیەکەی باڵدار جێگەی ئەلف و بێکەی حامد فەرەجی گرتۆتەوەو لەسەری ڕۆشتوون لە قوتابخانەکاندا، لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئیشارەت بەوە بکەم کە من لە نامیلکەی(باپرۆسەی خوێندن و پەروەردە بە عەلمانی بکەین) لە باری مێژوویەوە و زۆر بە کورتی تەنها باسی ئەلف و بێ کەی مامۆستا باڵدارم کردووە لە دوای الخلدونیەوە ناوی ئەوانی ترم نەهێناوە.

ئەوانەی کە لێرەدا باسم کردن، زۆر بەکورتی وەك لایەنێکی مێژووی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە لە عێراق و کوردستاندا، وە کەمێك ئاشنامان دەکات بە لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن یان بڵێن سەرەتاییترین بایەتەکانی خوێندن.

ئەگەر بێت و لەمەگەڕێین ، زۆر نەچینە نێو ووردەکارییەکانی باری مێژوویەوە ،وە بێن و باس لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بەگشتی بکەین لە کوردستاندا ئەوا پێویستە باس لە چەند لایەنێکی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بکەین.

هەڵسەنگاندێکی خێرای پرۆسەی پەوەردەو فێرکردن:–

یەکەم:– لە باری مێژوویەوە ، لای سەوەرە بە کورتی ئیشارەم بەوەدا کە مێژووی ئەم پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە بۆ کەی دەگەڕێتەوە، دیارە باسی من بە ڕادەی سەرەکی سەبارەت بە ئەلف و بێ بوو، بەڵام هەر ئەر ئەمەش ئەو سەرەتایەیە کە هەنگاوەکانی تری خوێندن و فێرکردن بە دوای خۆیدا هێناوە. ئەمە ئیتر باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە بەشی زوری ئەو بابەتانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەخوێندرێن چەندە کۆن و سواون، کە بە هیچ شێوەیەك بۆ منالان و لاوانی ئەم سەردەمەی ئەمڕۆ ناگونجێن، لە هەمان کاتدا کۆن بوونی ئەم بابەتانە ئیتر بۆ خۆی ناکۆکە لەگەڵ

خەون و خولیاکانی منالآن و لاوانی ئێمە وە بە بیری پێشکەتووی سەردەم، ئەمە ئیتر ناتوانێ ئەلگۆی وەڵامدەرەوە بێت بە خواستن و ویستەکان مرۆڤی سەردەم ، وە نابێتە هۆی ئەوەی کە بتوانێ منالآن سەرحاڵ و خۆشحاڵ بکات وە بتوانن لەگەڵیدا هەڵ بکەن، مەبەستیش بە پلەی سەرەکی منالآن و تازە لاوانمانن کە ئەوان ڕۆژانە لە نێو ئەم پرۆسەیەدان و دەست و پەنجەی لەگەڵدا دانەرم ئەکەن و بەکردەوە ڕووبەڕووی ئەبنەوە.

دووەم:- لە باری زانستی یەوە، وەك لای سەرەوە باسم کرد، ئەو زانیارییانەی کە هەن و لە بابەتە جیاجیاکانی پرۆگرامی پەروەردەو فێرکردندا هاتوون، وە ئەو مەناهیجانەی کە منالآنی پێ فێر دەرکرێن ، زانیاری زۆر کۆنن و ناتوانن ببنە مایەی خۆشحالی و پێشوازی گەرمی منالآن و لاوانمان.

ئەگەر منالآن و لاوان هەست بەوە بکەن کە ئەو بابەتانەی کە دەیخوێنن ، ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا هەستی پێدەکەن ، ئەیبینن ، وە یان دەبێتە بەشێك لە ژیانیان ، هەمیشە ئەو بابەتانە ئەوانەن کە هەم منالآن چێژو سودی لێدەبینن ، هەمیش ئاسانتر ئەتوانن لە مێشکیاندا بمێنێتەوە و لە بیری نەکەن، ئاشکرایە کە لێرەوەیە فێربوون ئیتر مانای دەبێت و هەل و مەرجی فێربوون و زانیاری وەرگرتن بەسود و باشتر دەبێت.

ئەگەر وەك نموونە سەیرێکی ئەو بابەتانە بکەیت کە منالآن و لاوانی پێفێردەکرێن لە وولآتە پێشکەوتووەکانی دنیای ئەمڕۆدا، وە وەك نموونە ئەتوانین وولآتی سوید بهێنینەوە، ئەوا دەبینین کە بابەتەکانی خوێندن هەمیشە ڕوو لە ئاڵ و گۆڕ پڕ گۆڕانکارین ، جگە لەوەی کە مامۆستا لە چوار چێوەیەکدا خۆی نابەستێتەوە بە مەنهەجەکەیەوە، ڕۆژانە ئەوەی کە لەبەشێك لە بلآو کراوەکان ، تەلەفیزیۆن ، هەواڵەکان ..هتد، وە ئەو هەواڵە زانستی و گۆڕانکارییە تازانەی کە ڕۆژانە مرۆڤ دەیبیسنێت لە نێو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا خۆی دەبینێتەوە، مامۆستا بۆ منالآن و لاوان کۆپی لێدەگرێت و دابەشی دەکات بەسەریاندا و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئەمەش وا دەکات کە هەمیشە منالآن و لاوان بە تازەگەرییەکانی دونیای سەردەم و بە ڕووداوە زانستی و پەروەردەییەکانی دەروبەریان ئاشنا بن. وە هەست بەوە بکەن کە لەدواوە نین و خۆیان بە دواکەتوو نەزانن لە ڕەوتی کۆمەڵگاو پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا.

بەڵام بەداخەوە لەم بارەوە ئەوەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان بەڕێوە دەچێت، جگە لەو بابەتانەی کە ساڵەهایە دەوترێن و دەوترێنەوە هیچی تر نابینی، مامۆستایەك دوای چەند ساڵ ووتنەوەی هەمان بابەت وای لێهاتووە کە دانە بە دانەی لاپەڕەکان و پرسیارەکانی لەبەر کردووە، ئیتر لێرەوەیە کە نە قوتابی تاقەت و خولیای گوێگرتنی هەیە نەمامۆستاش بەرەوە پێشەوە دەچێت و زانیاری تازە بدات بە خوێندکارەکانی چونکە بۆخۆی پێویستی بە ڕفرێش هەی چجای منالآن و فێرخوازان.

سێیەم: لەباری سایکۆلۆژییەوە، دیارە ئەم چەمکە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا لەو بەشانەی تر دابڕاو نییە کە باسمان کردن ، ئەمیش بۆخۆی ڕەنگدانەوە و کاریگەری ئەو بەشانەی تری لەسەرە کە لای سەروەر باسمان کرد. با بێن کەمێك ووردتر ئەم لایەنەی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن شی بکەینەوە، ئایا منالآنی ئێمە بە چی ئیدۆلۆژیایەك فێر دەکرێن؟ ڕووداوەکانی دەوروبەری منالآن و ژیانی نێو کۆمەڵگا، چ سێبەرو تارماییەکی هەیە لەسەر بیر و هۆشی منالآن؟ ئەمڕۆ بۆ نەوەی نوێی ئەم سەردەمە، دەسەڵات لە کوردستاندا ، چ کاریگەری لەسەر ئەو لاوانە داناوە کە تەمەنیان لە نێوان 10-25 ساڵدایە ؟ "ئەگەر لە هەموو کاریگەرییەکانی بەعس لەسەر منالآنمان گەڕێین کە حەتمەن ئەم کاریگەرییە زۆر زەقە لەسەر گەورەکان و ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێ" بەڵام ئەگەر نەچینە سەر ئم باسە، ئایا ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ و سیاسەتی حیزبەکان، بە تایبەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ، چ کاریگەری لەسەر لاوەکانمان داناوە؟ ئایا ئایدیای حیزبەکان، ئایدیای مامۆستایانی سەر بەحیزبەکان بە تایبەتیش دەسەڵاتداران و ئەو مامۆستایانەی کە سەر بە حیزبە ئیسلامییەکانن لە توندڕەو و میانڕۆیانەوە بگرە تا تیرۆریستیان، ئەمانە چ کاریگەریان لەسەر زەین و مێشکی منالآن داناوە؟ ئەمانەو دەیان پرسیار و لایەنی تر دەبێت شی بکەین و لێك بدرێتەوە، بۆ ئەوەی کە بتوانین ئاسەوارەکان و کاریگەرییەکانی ئەم ڕووداوانە لەسەر منالآن و لاوانمان بناسین. پاش

ناساندن و دەست نیشان کردن، ئەمجا بوار دەڕەخسیێ بۆ بیر کردنەوە و گرتنەبەر ڕێگەو شوێنی گونجاو بۆ چارەسەریان.

ئەو سایکۆلۆژیا و ئایدۆلۆژیایەی کە منالأنمان لەسەری ڕاهاتوون، سایکۆلۆژی شەڕ، توندو تیژی، توڕەیی و کەم حەوصەلەیی، قولْقاندنی گیانی تۆڵە سەندنەوەو ڕق و کینە لەیەك هەڵگرتن، گاڵتە بەیەك کردن و بەیەك ڕابواردن، خواخوای پاشقولگرتن و دەرخستنی خاڵی لاوازی یەکێکی تر، شکاندنی کەسایەتی و بێبەها چاولێکردنی دەورونەخشی کەسێك کە لەگەڵ ئایدیای دەسەڵاتداردا نەبێت یان ئەوەتا بیرێکی جیاوازی لە بیرکردنەوەی مامۆستا و بیری باوی ناوکۆمەڵگادا هەبێت. ئێوە تەماشاکەن و لەو گروپ و دەستانە بڕوانن کە خەریکی دزین، مرۆڤ کوشتن ژن کوشتن، کاری تیرۆریستی چی چین..هتد. هەموو ئەمانە بەرهەمی ئەو پەروەردەیەیە کە لەم وولاتەدا بەڕێوە دەچێت.

چوارەم: باری ئاینی ، ... لەبەشی دووەمدا لێرەوە درێژە بە باسەکەم دەدەم..